# نێچیری هەفتە

عەلی مەحمود محەمەد

**May 25,2005**

–بەرێز فایەق تۆفیق بریکاری وەزیری ناوخۆی هەرێمی شێخەڵا دەڵێت : ئاسایشی ئێمە کەمتەرخەم نییە , لە ئیسرائیل و ئەمەریکاش تەقینەوە هەیە . وەڵا وایە گەورەم ئەی باشە خۆ لەو وڵاتانە بەس تەنها تەقینەوە نییە , تەسکییەو وەزیری نەخوێنەوار و بنەماڵەی دەسەڵاتداریش نییە , سۆسیال و مافی هاوار کردن و سەرۆك گۆڕین و شەفافییەت و یاسا لێپرسینەوەش هەیە , دە ئەوانەشمان پێ نیشان بدەن خۆ کفر نییە , ئێمە دەبێت بەس لەخراپەکان هاوبەش بین لەگەڵ وڵاتان , باشەکانیش تەنها لۆ خۆتان .

–لەسلێمانی خۆپیشاندان بەبێ ئیجازەو پێشکەش کردنی داخوازەکان یاساغە کرێن , ناهەقییان نییە دیموکراسییەت قەبوڵە بەمەرجێ مەترسی بۆ کورسی و پەزەکان نەبێت .

–چەلەبی کرا بە بەرپرسی سەفقات و پرۆژەکان , قوڕ بەسەرمان هیچ نەبوو بانکی پاترای دزی , وەڵا ئێستا ئەم پلەیەی هەبێت چاڵە نەوتەکانیش فتەکات , بابی فانۆزێکمان بۆ ناهێڵێتەوە .

–لە سەرۆکایەتی عێراقدا 38 ملیۆن و 140 سەیارە دیار نییە , توخوا ئەوە کەی حیساباتە لەچاو کوردستانەوە بەهەزار ئاو شۆردراوەتەوە , ئەگەر سەرۆك فەوجی پۆلیسی مەتروکەو حیسابی کراوەی زەوی دابەش کردنی هەبوایە دزی ناکرد .

– کە هەمام حەمودیم بینی بەچاو خۆم بینی لە تەلەفزیۆنەوە , دەکرێتە سەرۆکی لیژنەی نوسینەوەی دەستوور , هەزار ڕەحمەتم نەك بۆ جەماڵ کرێکار بەڵکە بۆ هەموو مردوەکانی گوڵمکەوەو سەرخاسەش نارد کە دەنگی نەدا . ئاخر مەلایەك سەرۆکی لیژنەکە بێت نەك 8 مارس دەبێتە ڕۆژی لە دایك بوونی فاتیمە زەهرا , بگرە ئەوەی دەورەی زنجیر لێدانیش تەواو نەکات جنسییەی عێراقی نادرێتێ .

–لە ژمارە 631ی ڕێگای کوردستان کە نێچیری هەفتەی تێدا ئیعدام کرا , لە جێگاکەی وێنەی نێرەکەرێك بڵاوکرایەوە کاوێژی دەکرد , دیارە ئەو نێرە کەرە نێچیری خواردووە بۆیە وا بەگەرمی کاوێژە کات .

– هیلال ئەحمەری سعودی یەکێکە لەو لایەنانەی پشتگیری لە ئەنجام دانی شۆڕش دەکات لە ڕوسیای سپی , کەچی لە وڵاتەکەی خۆی ژنان بۆیان نییە مریشك لە کولانە دەربکەن نەك سەیارە لێ بخوڕن !! .

– لە ئاڵای ئازادی نوسراوە ینك و پدك بە دوای پەیدا کردنی یارمەتی داراییەوەن , قوڕ بەسەرمان بەخوای دیارە ئەو ڕۆژنامە سەربەخۆ و پارتە نەتەوەییانە کەمن هەندێکی کەش بە کردنە دەن .

–لە سلێمانی خۆپیشاندان قەدەغە دەکرێت , لە هەولێر فلتەری تەلەفزیۆن و عەلاگەی ڕەش , هەموو ئەوانە مەترسییان هەیە بۆسەر ئازادیی و کۆمەڵگەی مەدەنی .

– کوردستان بەهەشتە , بەڵام تا دەگەیتە حەمامێك دنیا کاولە بێت , لە جیاتی جۆگەلەی شیر و شەرابی تەهور چڵکاوی لێ دەبارێت , ئیتر نازانم بە چڵکاوەکانی بەهەشتە .

– ئەرێ کوڕینە نامە گرنتییەکانی پێش دەنگدان لە جێبەجێکردنی خاڵی 58 و نامەکانی عەلاوی و نگرۆبۆتی چییان لێ هات , ئەوە باسی 100 ملیۆنەکەی کەرکوك و دادگاییەکەی عەلی کیمیاوی لە هەڵەبجە هەر ناکەم , کاتی خۆی کە نوسیم فشەیە , کۆپی نامەکەیان دا بە دەم و چاوما , ئەمجارە کەلەپچەم نەکەن مەمنونم .

– عەرەبەکان ناو ینك داوای زەوی دەکەن لە کۆیە , گەلێ زەوییەکانی بەرەی تورکمانییمان تەواو کرد , ئەمجا نۆرەی ئەوانە , قوڕ بەسەرمان ئەوانیش بۆ معاش و زەوی بونە بەحزبی , بە شەو چالاکی بۆ بەعس دەکەن و بە ڕۆژیش لەلق و کۆمیتە زانییاری کۆدەکەنەوە .

– ئیعدام سەری بوەوە لە عێراقی ئازاد , وابزانم سەرۆك کۆمار بەس ئیمزای بۆ ئیعدام نەکردنی سەدام کردووە ؟؟ , یان لەبەر تەوقیع نەکردنی بڕیاری ئیعدامی ئەوانە حەفتەیەکە لە قەلاچۆلان بزربووە .

–د. ڕۆژ نوری شاوەیس ژمارەی چالاکییەکانی نازانم , دەسکەوتەکانیشی بۆ کورد بەس خوا دەیزانێت , ئەو ئەگەر مشعان جبوری کە بە قسەی خۆی نوێنەری بەعس و تیرۆرە بەفەردەیەك پارەوە ڕزگار بکات , ئیتر چۆن دەهێڵێت لیژنەی نەزاهەت مەرحەبای نزیکەکانی خۆی بکات !! .

–بەدەمی من نا بە قەڵەمی کوردستانی نوێ ڕێکخراوی ئازادی لاوان **6000** کەسی لە نەخۆشخانەکانی شۆڕشدا چارەسەر کردووە , نازانم ڕێکخراوەکانی حیزبەکان کە توانییویانە **2** حەبی پاراسیتۆل دابین بکەن یان نا ؟, ئەمەیە کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخراوی لاوان خەڵك عەمەلیاتەکات , حزب زەوی دابەش دەکات , کێبڵیش ئازادی و دیموکراسی دابینە کات .

---

هەفتەی داهاتوو نێچیری هەفتە بڵاو نابێتەوە , بۆیە ئەم بەشە **2** ئەلقەیە .